راپۆرت

# رۆڵی نەوتو گازی سروشتی
# لە قەیرانی ئۆکراین

فەیسەڵ عەلی

قەیرانی ئۆکراین رۆڵی هەبوو لەو بانگەشانەی کە داوای لە ئیدارەی ئەمریکا دەکرد بۆ زیادکردنی هەناردەی گازی سروشتیی ولاتەکەی بۆ ئەوروپا، ئەگەر ئامانجی ئەو بانگەشانە زیادکردنی گوشارەکانی سەر روسیا بێت، بەڵام ئەگەر زیاتر لێی ورد بیتەوە بۆ نەهێشتنی ئەو سیاسەتەی ئەمریکایە کە رێگە بە هەناردەکردنی نەوتی خاو نەك گازی سروشتی دەگرێت، پرسەکە پەیوەندیی بەگازی سروشتییەوە نیە، چونکە هەناردەکردنی ناتوانێ وەڵامێکی بە هێزی روسییەکان بداتەوە، بەوەی کە ئەمریکا هێشتا ئەو پێگە گەورەو بەهێزەی لە بواری وزەدا نیە کە بتوانێ گوشارەکانی روسیا بۆ سەر ئۆکراین و ئەوروپا کەم بکاتەوە، ئەگەر هاتوو ئاستی هەناردەکردنی گازی سروشتی بەرزبکاتەوە. هەرچەندە ئەمریکا برێکی ئێجگار زۆری گازی سروشتی هەیە، بەڵام چەند ساڵێکی دەوێت تاوەکو بەندەرەکانی بۆ هەناردەکردنی گازی سروشتی ئامادە دەکرێن، هەروەها ژێرخانی پێویستیشی بۆ شلکردنەوەی گازی شروشتی و پاشان گێڕانەوەی بۆ گازی سروشتی نیە، کە تێچوونێکی ئێجگار گەورەو کاتێکی زۆریشی پێویست دەبێت.

تەنانەت ئەگەر هاتوو ئەو تەحەدایانەی کە پەیوەندییان بە ژێرخانەوە هەیە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و بتوانرێ تێپەڕێنرێت، بەجۆرێك بتوانرێت گازی سروشتی ئەمریکا بگەیەنرێتە ئەورووپاو ببێتە شوێنگرەوەی گازی سروشتیی رووسیا ئەگەر هاتوو لە ئەورووپای بڕێت، ئەوا ئەو گازە سروشتییەی ئەمریکا لەژێر کاریگەری کۆمەڵێك ئەگەری تردایە کە لەدەرەوەی ئیرادەی حکومەتی ئەمریکادایە.

هەناردەی گازی سروشتیی ئەمریکا هێشتا دەکەوێتە ژێر کاریگەری بارگۆڕانی بازاڕی جیهان و چۆنێتی مامەڵەکردنی لەگەڵ قەیرانەکاندا کە نرخەکانی فرۆشتی بەرزدەکاتەوەو ڕێگە خۆشکەر دەبێت بۆ هەناردەکردنی ئەو گازە سروشتییە بۆ بازاڕەکانی جیهان، بەڵام لەحاڵەتە ئاساییەکان و دوور لە قەیرانەکان، کۆمەڵێك کۆت هەن کە توانای ئەمریکا لەهەناردەکردنی گازی سروشتی وەك ئامرازیکی جیۆسیاسی سنووردار دەکات. سەرەتا دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە حکومەتەکانی ئەمریکاو ئەورووپا بەرپرسی کڕینی گازی سروشتیی نین، بەڵکو ئەو پرۆسەیە لەلایەن کۆمپانیاکانەوە ئەنجام دەدرێن، ئەگەر دەستبەرداری ژێرخان بووین و بەندەرەکانی ئەمریکا ئامادەی هەناردەکردن بوون، ئایا ئەو هەنگاوە دەبێتە بوژانەوەی بازرگانی گازی سروشتیی ئەمریکا لەگەڵ ئەورووپا؟ ئەو حاڵەتە ئەستەمە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، لانی کەم لەسایەی ئەم سستەمەی ئێستادا، کە دینامیکیەتی ئابووری و ئیعتباراتی قازانج و زیان ڕێگر دەبێت لەبەردەم چوونی بڕێکی زۆری گازی سروشتیی ئەمریکا بۆ ناو ئەورووپا، (بەجۆرێك کە نرخی گازی سروشتی بۆ ئەمریکا بەبەراورد بە بازاڕەکانی ئاسیا نزمە). ئەوەش بەو مانایەیە کە گازی سروشتیی ئەمریکا روو لە ئاسیا دەکات چونکە پەراوێزی قازانجەکەی گەورەترە، زیاتر لەوەش، هەناردەی گازی سروشتیی ئەمریکا لەژێر کاریگەری ئیعتباراتی بازرگانیدایە، بەوەی بە هەناردەکردنی دەوڵەتانی تر سنووردار کراوە، پێشبینییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە بازاڕەکانی جیهان بڕێکی گەورەتری گازی سروشتی تەحەمول ناکەن، واتە بەرهەمهێنانی گازی سروشتیی ئەمریکا لەسایەی ئەو نرخە نزمەی

کەهەیە، هیچ بەهانەیەکی نیە. هەرچەند ئەمریکا بتوانێ ئاسانکاری بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی گازی سروشتی بکات، هێشتا هۆکارەکانی بازاڕ بڕی ئەو گازە سروشتییە دیاری دەکەن کە دەگاتە ئەورووپا. بەجۆرێك کە قەبارەی گازی سروشتیی هەناردەکراو پشت نەنرخی فرۆشتن دەبەستێت نەك سیاسەتی ئەمریکا.

ئەوەی سەرەوە، بەو مانایە نیە کە ئەو پێشکەوتنەی گازی سروشتیی ئەمریکا سودی جیۆسیاسی نیە، بەڵکو بە پێچەوانەوەیە، لەمیانی بەکارنەبردنی بڕێکی گەورەی گازی سروشتی هاوردە، ئەمریکا ئەو بڕەی ئازادکرد تاوەکو روو لەبازاڕەکانی تر بکات، بەڵگەی ئەوەش. لە هەردوو ساڵی ٢٠١٠ و ٢٠١١، بڕێکی زۆری گازی سروشتی کەپێشتر ئەمریکا دەیکڕی، ئێستا رووی لەبازاڕی ئەورووپا کردووە، ئەمەش دەرفەتی دووبارە دانوستانی بە ئەورووپییەکان داوە لەگەڵ رووسیا لەسەر گرێبەستە درێژخایەنەکانی نێوانیان.

لەراستییدا، خاڵی سەرەکی لاوازی رووسیا لە نرخەکانی نەوتدایە نەك نرخەکانی گازی سروشتی، دەستهاتی گازی سروشتیی رووسیا (٨٪)ی کۆی داهاتی بودجەی گشتیی رووسیا تێناپەڕێنێت، لەکاتێدا دەستهاتی فرۆشتنی نەوت لە (٣٧٪) تێدەپەڕێنێت. هەر لەم رەوتەدا، بەرزبوونی بەرهەمی نەوتی ئەمریکا لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا، هۆکاری زیادبوونی بڕی (٢،٥) ملیۆن بەرمیل/ رۆژ بۆ بازاڕەکانی جیهانی لێکەوتەوە، ئەو حاڵەتەش رۆڵێکی گرنگی لە رێگرتن لەهەڵکشانی نرخەکاندا هەبوو، هەرچەند ئاستی هەناردەکردنی نەوتی ئێران و لیبییا پاشەکشەیەکی بەرچاویان کردبوو. ئەگەر ئەمریکا لەو ئاستە بەرزەی بەرهەمهێنانی نەوت بەردەوام بێت، وەك پێشبینی دەکرێت، ئەوا گوشارێك بەئاراستەی داشکانی نرخەکاندا دروست دەکات سەبارەت بە رووسیا پێویست بە دابەزینی نرخەکانی نەوت ناکات تاوەکو زیان بەئابوورییەکەی بگات، بەڵکو ئابووریی رووسیا لەبنەڕەتدا کێشەی گەورەی هەیە، کە حکومەتی ئەو وڵاتەی ناچار کردووە، بڕیاری کەمکردنەوەی خەرجییەکانی بدات، ئەو کەمکردنەوەیە کەرتە ئابوورییە هەمەجۆرەکانی گرتۆتەوە، ئەوە

وێڕای ئەوەی هێزو دەسەڵاتی فلادیمیر پـۆتین پشـتی بـە تـۆڕێکی درێـژبووەوەی مۆڵکانە بەستووە کە نرخە بەرزەکانی نـەوت بـۆی مەیسـەر کـردووە. رووسـیا ناتوانێ هاوسەنگی دارایی خوازراوی خۆی مسۆگەرو زامن بکات ئەگـەر نرخـی یەك بەرمیل نەوت ۱۱۰ دۆلار نەبێت.

لەبەر ئەوە، ئەگەر پرسەکە لاوازکردنی پێگەی سیاسیی پۆتن بێت، رێگەدان بەهەناردەکردنی نەوتی ئەمریکا چارەسەرە نەك زیادکردنی ئاستی هەناردەکردنی گازی سروشتی، ئەگەرچی کاریگەری بەکردەوەی خودی نەوت بۆ ئەوروپا ئەوەندە نیە، چونکە هەناردەکردنی نەوتی ئەمریکا ناتوانێ شوێنگرەوەی نەوتی رووسـیا بێت بۆ ئەوروپا، چونکە ئەوەی کاریگەری گەورەی لەسەر پرۆسەی هەناردەکردنی نەوت دەبێت بـازاڕە نـەك حکومەتـەکان. بێگومـان پشـت بەسـتنی ئـەمریکا بەبەرهەمهێنانی ناوخۆیی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی، لـەماوەی سـاڵانی داهاتوودا کاریگەری لەسەر نرخەکان دەکات و دایدەبەزێنیت، ئەوەش دەسەڵاتی پۆتن لاواز دەکات و کاریگەری لەسەر دەسەڵاتی جیۆسیاسیی رووسیا دەبێت.